شاخەوان عەبدوڵا سوپاسی هەموو فراکسیۆنەکوردییەکان دەکات بۆ پشتیوانیکردنی پرۆژەیاسای پارێزگابوونی هەڵەبجە

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لەبارەی پەسندکردنی پرۆژەیاسای بەپارێزگابوونی هەڵەبجە سوپاسی هەموو فراکسیۆنەکوردییەکانی کرد بۆ پشتیوانیکردنی پرۆژەیاساکە.

دووشەممە، 14ـی نیسانی 2025، شاخەوان عەبدوڵا، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق سوپاسی هەموو فراکسیۆنەکوردییەکانی کرد بۆ پشتیوانیکردنی پرۆژەیاساکەو تێپەڕاندنی لەلایەن پەرلەمانەوە.

شاخەوان عەبدوڵا ئاماژەی بەوەش کرد، هەندێك لەفراکسیۆنەکان ئاستەنگیان دروست دەکرد بۆ ئەوەی پرۆژەکەتێنەپەڕێندرێت، بەناوی دوای هەواڵکی زۆر توانرا ئەو ئاستەنگانە هەڵبگرن، بەتایبەت کەهەوڵ دەدرا بەپارێزگابوونی هەڵەبجەو قەزای تەلەعفەر بکرێتەیەك پاکێج.

شاخەوان عەبدوڵا جەختیشی کردەوە، پاساوی هەندێك لەفراکسیۆنەعێراقییەکان لەگەڵ ئاستی قوربانییانی هەڵەبجەیەك ناگرێتەوە، چونکەبابەتی هەڵەبجەبابەتکی

مەعنەویيەکان و پەسندکردنی پرۆژە یاساکە کەمترین وەڵامیان بەرانبەر بە قوربانییانی هەڵەبجە.

جگری سەرکی پەرلەمانی عێراق گوتیشی، هەندێك فراکسیۆنی سیاسی کە تا ماوەیەك بەدڵنیان بە کورددا بوو بۆ تێپەڕاندنی پرۆژە یاساکە، بەڵام ویستیان بە پاساوی جیا جیا دانیشتنەکەی پەرلەمان تێك بدەن. هاوونیشی کردەوە، پرۆژە یاساکە زۆر بە یاسایی تێپەڕی.